# خوزگەی پایزە شەوی شاعیرێك



شیعر دەرگای لێ داخستم
عەشق كلیلی خۆزگەی
لێ وون كردم
ئاسمان بەدوای
ئەستێرەكانی خۆیدا دەگەڕا
شەقام شەرمی
لە ترپەی هەنگاوەكانم دەكرد
خشپەی گەڵا وەریوەكان
سیمفونیان بۆ خاك دەژەنی
پایز نیشتیمانی ئەم ساتەم بوو
هەوری تەمەن
لە گەل ئەفسونی چاوەكانم
هەنگاویان بۆ بیابانە وشكەكانی
سەراب دەبرد
من بەزەیم بە پرچی
درەختەكان دەهاتەوە
دوای زەردبونیان
زەوی نازی هەلدەگرتن
تەنیایی باڵی بەسەر

شاری خەمم داپۆشیبو

باڵندەکان بە دوای

دەسگیرانەکانیان دەگەران

هێلانەکانیان جێ دەهێشت

بۆ دەڤەری عەشق کۆچیان دەکرد

خۆر ماڵئاوایی لە کازیوە دەکرد

شەویش لە دەرگای

ژوانی دڵدارەکانی دەدا

بێجگە لە شێتەکانی سەرشەقام

کەس یاوەری هەستم نەبوو

جگە لە تەقەی تەنەکەی

زبڵدانی پێش دەرگای ماڵەکان

هیچیتر نەدەبووە

ئاوازی گوێچکەی هەستم

شار لە من تەنیاتر بوو

وورشەی بێ بەزەیی با ش

سەری لە من شێواندبوو

شیعر دەرگای لێ داخستبوم

عەشق کلیلی خۆزگەی

لێ وون کربووم

سۆزیش خەوی لە چاوانم تۆراندبوو

لەم شەوەدا

کەس لەمن بێ یارتر نەبوو

کەسیش لە من خەیاڵتر نەبوو

منی تەنیا

تا دەهات نغرۆری

شەوێکی پڕ خۆزگە دەبووم

لەگەڵ جەستە ڕوتەکانی پایز
وورشە شێتەکانی (با)
جێ هەواری مناڵە جگەرەفرۆش و
بۆیەچیە بێ نازەکانی شارەکەم
لەگەل منارە یەکی لارو
پەیامێکی لوتکەی قەڵا
چاوم لێ بوو کۆلانەکانی قەیسەری
لە تاریکی بێزار دەبوون
شێخەلاش هێشتا پشووی نەدابوو
منیس هێدی... هێدی
هەنگاوی کوێرانەم دەبڕی
تەنیایم دەخیلی شێخی چۆلی کرد
سەرم هەلگرت...
ئاخۆ کێ لە من شێتترە
بەم شەوە ناوەختە
خەو لە چاوانی بتۆرێنێ..
لە تخوبی شارا دەرچووم
بینیم هەولێر
کراسێکی زەردی لە بەربوو
ئا سمان گریانی بۆدەهات
سەرم بۆ سەفین هەڵبری
سەری بە تاریکیەوە نابوو
شادەمارەکانم خوێنی تیا نەما
دڵم بۆی بوو بە چرایەك
وە لێ قەرەچوغ لە من دیار نەبوو
حەیرانێکی بۆ بچڕم
کەوەکانیش وەلامم بدەنەوە

شیعر دەرگای لێ داخستبووم

عەشق کلیلی خۆزگەی

لێ وون کردبووم

دڵم بوو بە قیبلە نامەیەك

تاریکی هەنگاوەکانی دەهۆنیمەو

لە قەراغی تولە ڕیگای هات و نەهات

گوێم لێ بوو

چۆلەکەکان بە یەکتریان دەگوت

شاعێریکی ڕەنگ زەرد

وا بە ڕێوەیە

لە گەنجینەی سولەیمان دەگەڕێ

بۆ یارەکەی

لە تیشکی چاوەکانی خۆر دەگەڕێ

بۆ شارەکەی...!

سەرهەنگ خامۆش
Xamosh_serheng@yahoo.com